

# یادی 17 ساڵەی تیرۆری د.عەبدولرەحمان قاسملو


## عەبدوڵلا قادری ئازەر

## فازیل مەحمود رەسول

## لە ڤیێنا




بەرایی :

ڕۆژی 1989/7/13 هەواڵی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو و هەواڵەکانی بڵاو بۆوە. هەواڵەکی دڵتەزین و سامناک بوو بۆ هەموو کوردەکانی دەرەوە و ناوەوە. لە هاوڕێیانی دوکتۆر زۆرجارم بیستبوو کە لەناو پێشمەرگە و لە کوردستاندا قاسملوی شەهید زۆر ئاگاداری خۆی بووە و هەردەم پارێزگاری لە ژیانی خۆی کردووە .. جا ئەو جارە لە ڤیێنای پایەتەختی ئوتریش{نەمسا} چۆن بە ئاسانی کەوتە ناو بۆسەی دوژمن و بەو دڕندەی یە شەهیدیان کرد. ئەوە رەنگە هەر ئەو سێ کەسە ئێرانیەی کە لە ژیاندا ماوون راستییەکەمان بۆ بنووسنەوە ئەگەر بێت و ویژدانیان ئازاریان بدات و بکەونە دەرەوەی ئێران و رژێمی ئیسلامی ئێران ریسوا بکەن..بەشی هەرە زۆربەی ئەندامانی رێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئاگاداری ئەو دانیشتنانەی شەهید قاسملوو نەبوون ، ئەی باشە چۆن دوکتۆر لەبڕی ئەندامێکی سەرکردایەتی حیزبەکەی خۆی شەهید فازیل مەلا مەحمودی لەگەڵ خۆی برد ئەگەرچی کاک فازیل کوردی عێراق نەک ئێران بوو . بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەش تەنها ئەوانەی زیندوو ئەو وەڵامەیان لەلا دەست دەکەوێت ئەوا بەرێز جەلال تاڵەبانی یە ، چونکە فازیل یەکێکە لەو{9 جەلالیانە}ی کە نزیکی مام جەلال بوون:{1/نەوشیروان مستەفا..2/شەهیدشاسوارجەلال{ئارام}..3/شەهید فازیل رەسول..4/کۆچکردووشەهزادسایب..5/سەربەست بامەرنی..6/بەکر حوسین..7/عەبدولرەزاق فەیللی..دووەکەی ترم لەیاد نیە ئیستاکە}.دوکتۆر قاسملۆ سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وکەسێکی بەناو بانگی جیهانی و عەبدوڵلای قادری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب و فازیل رەسول مامۆستای دانشگا و نووسەر چۆن بە ئاسانی لەگەڵ پاسدارانی پیاو کوژ و کاربەدەستانی پلەوپایە نزمی رژێمی کۆنەپەرستی ئێرانی وەکو{محەمەد جەعفەر سەحراروودی و جاجی موستفوی لاجوردی و ئەمیر مەنسور بوزورگیان} کۆبونەوە دەکات بۆ ئەوەی وتووێژ بکات و مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێرانی کۆنەپەرست چارەسەر بکات. ئەمەش پرسیارێکە لەلای کەس دەست ناکەوێت هەرتەنها کە باوەڕی پێی هەبوو بەرەو کوێی دەبات...ئەمن چاک دەزانم رەحمەتی دوکتۆر دەیزانی رێڕەوی سیاسەتەکەی کارەساتی ئاوا لە 25 ساڵی هەتا 30 ساڵی لە جیهاندا ئاشکرا دەبێت و خەڵکی دەتوانن دیکومەنت و نهێنیەکان بخوێننەوە ، بەڵام بەداخەوە لەم مەسەلەیە تەنها مام جەلال دەتوانی هەندێک نهێنی ئەو



Fadil Rasoul



پەیوەندی یانەی کە قاسملۆ بۆ مام جەلالی دروست کردبوو لەگەڵ بەغدا و مام جەلالیش بۆ قاسملۆ دروستی کردبوو لەگەڵ تاران بۆمان بخاتە سەر کاغەز ئەگەر بێتوو تەمەن ڕێگای مامجەلال بدات ئەو یادگاریانە بنووسێتەوە و بڵاوبکاتەوە. دەکرێ ڕۆژنامەنوسێکی شارەزای حیزبی دیموکرات گەلێک پرسیاری ئاوا ئاراستەی مامجەلال بکات و بۆ ئەوەی زانیاری بەدەست بکەوێت. تاقە سەرکردەی کورد مامجەلال بوو کە ئەو کاتە ڕژێمی عێراقی تاوانبارکرد بەو کارەساتە و کۆماری ئیسلامی بەیەک ووشەش تاوانبار نەکرد ، بۆ کوردەکانی دەرەوە بووە جێگای ڕەخنە و نووسین لە دژی مامجەلال و گرێدانی بە پیاوی ئێران . مام جەلال ئەوکاتە دەشیزانی پەیوەندی حیزبی دیموکرات و ڕژێمەخوێری یەکەی بەغدا لەوپەڕی باشیە و ئەندامانی سەرکردایەتیان بەڕێگای بەغدا وە سەفەری دەرەوە دەکەن. حکومەتی ئوتریش کە زۆر بە پەلە بێدەنگی لەو مەسەلە کرد و بەرژەوەندی دیپلۆماسی و ئابووری خۆی خستە پێش مەرگی ئەو سێ مرۆڤە و زۆر بەئاسانی بکوژانی ڕەوانەی ئێران کردەوە . ئەمەش لەلایەن حیزبی دیموکرات بێدەنگی لێکرا و هیچ کاردانەوەیەکی دەوڵەتی نەبوو کە ئایا چۆن ئوتریش بە ئاسانی بکوژان ناخاتە بەر دادگای خۆی . ئەو کاتە حیزبی دیموکرات پەیوەندی بە هێزی لەگەڵ سۆسیال ئینترناسیۆناڵ هەبوو کە دەکرا لەو ڕێگایەوە هەوڵێکی جیدی بۆ بدات ، بەڵام ڕابەرانی حیزبی دیموکرات لەو ئاستە نەبوون کە بتوانن بەکاری دیپلۆماتی ئەوکارە بۆ حیزب بکێشنەوە و ببێتە جێگای ڕیسواکردنی ڕژێمی ڤێنا.

## کارەساتەکە:



ڕۆژی 2006/7/13 حەڤدەمینساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور قاسملو و عەبدوڵڵا قادری ئازەر و فازیل مەحمود ڕەسول بە دەستی دیپلۆماتە تیرۆریستەکانی دەوڵەتی کۆنەپەرستی ئێرانە. بەڕێز دکتۆری شەهید ع.قاسملۆ هاتە دەرەوە بۆ ئەوروپا تاوەکو بەشداری بکات لە کۆنگرەی سۆسیال ئینترناسیونال . تاران بە هەلی زانی تاوەکو لەگەل دوکتۆر پەیوەندی بگرێت و بەردەوامی ووتوێژ بکەن کە چەند مانگ پێش چاوپێکەوتنیان کردبوو. ئەوەبوو لە شاری ڤێنا گوایە ڕۆژی 12ی تەموز{یولیو}1989 یەکەم کۆبوونەوەی نێوان کوردەکان کە پێک هاتبوون لە بەرێزان {د.قاسملو و ع.قادری و ف.ڕەسول}و ئێرانیکانیش پێک هاتبوون لە پاسداران{م.ج.سەحرارودی و ح.موستافەوی و ئە.م.بوزورگیان}. کۆبونەویان کرد و بریاریان دا ڕۆژی پاشتریش لەسەر خاڵەکانی تر بەردەوامبن ئەوەبوو ڕۆژی 13ی تەموز/یولیو1989 کۆبونەوەی دووەم بەسترا ، لەو کۆبونەوەیەدا گوایە

Helena Oassimlou



زۆر نهێنیش بووە ، دەست بەجێ دوکتۆر بە سێ[3] گوللە و ع.قادری بە یازدە[11] گوللە و ف.ڕەسول بە پێنج نێژران. کوردستان [5]گوللە شەهید کران. ڕۆژی 1989/7/20 لە پاریس دکتۆر قاسملۆ و عەبدوڵڵا قادری یەکێک لە زانا و نووسەر و سیاسەتمەداری لەدەست ڕۆیی کە توانا و لێهاتوویی کەم وێنە بوو لەناو

سەرکردایەتی کورد دا. دوکتۆر دەڵێ لە 1930/12/22 لە دایک بووە و لە تاران ئامادەیی تەواو کردووە و لە پاریس و پراگ دانشگای خوێندووە و دوکتۆرای لە ئابووری وەرگرتووە، بووە بە مامۆستا لە پاریس و پراگ . هاوسەرەکەی ناوی هێلین کرولیچ[ Helen Krulich ]ە و خەڵکی چیکە.

دوو کچی هەیە مینا[ 1953لە پراگ لەدایک بووە] و هیوا[1955 لە تاران لەدایک بووە]. پاش شەهید بوونی دوکتۆر قاسملۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سادق شەرەفکەندی {1938/1/1 ـ 1992/9/17} بە سکرتێری حیزب دانا.



Gilkoy Sahid Dr.Abdulrahman Qasimlu
1996/8-19 Paris

یەکێک لە دۆستە هەرە نزیکەکانی دکتۆر قاسملۆ نووسەر [کریس کوچیرا]یە ،ئەویش لە کتابەکەی خۆی {خەباتخوازیی کورد وەرگێران ئاسۆ حەسەن زادە ساڵی 1999} باسی کوشتنی قاسملۆ دەکات. بە هیوام ئەو دەستە چەپەڵەی بووە هۆی کوشتنی ئەو تێکۆشەرانە رۆژێک لە رۆژان بدرێنە دادگای کوردستان و بۆ جەماوەری کوردستان راستیەکان ئاشکرا بکرێت. دکتۆر قاسملۆ لەدوایی خۆیدا کۆمەڵێک بەرهەمی بەنرخی بۆ خوێندەواری کورد جەجێ هێشتووە ، کە مرۆڤ سوودی لێدەبینی . 17 چەپکە گوڵ بۆ گۆڕی ئەو سێ شەهیدە. ریسوابێ رژێمی کۆنەپەرستی ئێران .

**فەهد گردەوانی 2006/7/10ستۆکهۆڵم**